# دیمەشق: کوردێك سزای زیندانی بەسەر داسە پێنرا

هەفتەی ڕابردوو دادگەی ئاسایشی دەوڵەتی سوریا بە تۆمەتی ئەندامبوون لەڕێکخستنێکی نهێنیو کارکردن بۆدابڕاندنی بەشێکی خاکی سوریاو بەستنەوەی بە وڵاتێکی بێگانە سزای دوو ساڵو نیو زیندانیکردنی بەسەر (سەمیر مستۆ مامەد) داسەپاند. ئەوەی شیاوی باسە نوێنەرانی باڵیۆزخانەی نەمساو نەرویجو هۆڵەندا ئامادەی دانیشتنی دادگاکە ببوون، لەم پێوەندییەدا نوێنەرانی باڵیۆزخانەی وڵاتانی ئەورووپا ڕایانگەیاند کە ئەوان لەلیژنەی بەرگریکردن لەبەندکراوە سیاسییەکاندا بوون، ڕاشکاوانە ڕایدەگەیەنین کە ئەو دادگاییکردنە پشت بەهیچ یاساو بەڵگەنامەیەکی باوەڕپێکراو نابەستێ، بەڵکو لەعەقڵیەتێکی کۆمەڵکوژیو ڕەگەزپەرستانەوە سەرچاوەی گرتووەو تەواوی بنەمایەکانی بەرگری جیهانی مافی مرۆڤ ڕەتدەکاتەوە.

نوێنەری وڵاتانی ئەورووپا داوایان لەحکومەتی سوریا کردووە: لەپێناو بەرژەوەندی نیشتیماندا باشتروایە حکومەتی سوریا دان بەمافی کورد بنێو ئەو کێشانەش بەدیموکراسیانەو دادوەرانە چارەسەر بکات. هەروەها ١١ کوردی دیکەش بەناوەکانی (محەمەد حەسەن محەمەد، محەمەد محەمەد ئەیبش، شێرزاد بەکر محەمەد سامی، جوان بەکر عارف، عەبدولقادر شێخۆ محەمەد، خەبات ڕشیلۆ محەمەد، شێخموس محەمەد قاسم، ئەحمەد ڕۆستەم عەلی، عینایەت عەلی ئەیبش، مستەفا حەسەن محەمەد عەلیو لوقمان محەمەد مستەفا) لەبەردەم دادگە ڕاگیران، بەڵام دادگەییکردنیان بۆ ڕۆژی ٢٨-٤-٢٠٠٦ دواخرا

# بەرلین: بکوژی کچە کوردێك زیندانی بۆ بڕایەوە



ئازاد کرانو ئەوەی دیکەشیان بە ٩ ساڵو ٣ مانگ زیندان تاوانبارکرا. بەگوێرەی وتەی پۆلیس خاتوون سوروچو لەوڵاتی ئەڵمانیا گەورەببوو، ساڵی ١٩٩٨ ناچارکرابوو شوو بەپیاوێکی کوردی باکور بکات. دواى ئەوەی ساڵی

بە تۆمەتی ئەوەی ڕۆژی ٢٠٠٥/٢/٧ ئایهان سوروچوی تەمەن ٢٠ ساڵ، خوشکێکی خۆی بەناوی خاتوون سوروچوی تەمەن ٢٣ ساڵ کوشتبو، هەفتەی ڕابردوو دادگەیەکی شاری بەرلین سزای ٩ ساڵ زیندانی بۆ بکوژەکە بڕیەوە. بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی پۆلیس بکوژەکە ٣ گوللەی لەسەری خوشکەکەی خۆی دابوو، کوشتبووی. ڕۆژی ٢٠٠٥/٢/١١ سێ برای قوربانیەکە بە تۆمەتی کوشتنی خوشکەکەیان لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکرابوون.، بەڵام لەدوایین ڕۆژی دادگەدا دوو لەبراکان

١٩٩٩ منداڵێکیان ببوو، مێردەکەی خاتوون گەڕابۆوە باکوری کوردستانو داوای لەهاوسەرەکەشی کردبوولەگەڵیدا بگەڕێتەوە، بەڵام خاتوون سوروچو مل بۆ داوای مێردەکەی نادادو لەزانکۆ درێژە بەخوێندن دەدات، لەوێش پێوەندی لەگەڵ ئەڵمانیەك دروست دەکاتو لەگەڵیدا دەژیت، کەچی براکانی ئەمە بەئابڕوچوون لێکدەدەنەوەو بڕیاری کوشتنی دەدەن. بەم شێوەیە خاتوون سوروچو بوو بەقوربانیو گیانی لێسەندرایەوە

## تورکیا:

# گوشار لەسەر زمانی کوردی چڕتر دەکرێتەوە

لەم دوایانەدا حکومەتی تورکیا بەمەبەستی خۆگونجاندن لەگەڵ داخوازیەکانی یەکێتی ئەورووپا سیاسەتی کرانەوەی لەبەرانبەر زمانو فەرهەنگی کوردی گرتەبەر، بەرنامەی کوردی لەکەناڵەکانی ڕادیۆو تەلەفزیۆن پەخش کران. چاودێران لەو باوەڕەدابوون کە ئەنقەرە هەنگاوی باشتر هەڵدەگرێتەوە کەچی لەهەفتەی ڕابردوودا بەرپرسی زیندانەکانی تورکیا لەفەرمانێکی ڕەگەزپەرستانەدا زمانی کوردی لەزیندانەکان قەدەغە ڕاگەیاند. تا ئێستا لەبەر ئەوەی کوردە زیندانیکراوەکان لەنێوخۆیانو لەکاتی دیداریان لەگەڵ بنەماڵەکانیان بەکوردی دواون، دووچاری ئازارو ئەشکەنجەدان بوونەتەوەو واشچاوەڕوان دەکرێت کە دۆزی تایبەتیان لەدژدا بکرێتەوە. لەم پێوەندیەدا ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤو یەکێتی ئەورووپا نیگەرانی خۆیان دیار کردووەو ئەو هەنگاوە لەسیاسەتی تورکیای مەیلخوازی ئەورووپاییدا بەرەو دواوە دەنرخێنن.

# بناری قەندیل: خەڵك لەڕەفتاری گەریلا بێزارە

*لەو ماوەیەدا چەندین پرۆژەی وەك قوتابخانە، نەخۆشخانە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ گوندەکانی بناری قەندیل بڕیاری لەسەر دراوە و ئێستا بەرەو جێبەجێکردن دەچێت، بەڵام کۆنگرەی گەل گومرگی بۆ پرۆژەکان داناوە، بۆ هەر پرۆژەیەك بڕی ١٥٠٠٠ دۆلار داوا دەکەن، ئەمەش گرفتێکی گەورەی لەبەردەم جێبەجێ کردنی پرۆژەکان دروست کردووە، زۆربەی پرۆژەکان وەستێنراون، بەمەش خەڵکی ناوچەکە نارەزایو بێزاری خۆیان دژ بەم هەڵوێستەی کۆنگرەی گەل دەردەبڕن. ئەوەی شیاوی باسە ئەو هەنگاوە پەیوەندی نێوان خەڵكو گەریلاکان بەرەو لاوازی دەبات، بۆ پاشەکشەپێکردن، خەڵکی ناوچەکە سەردانی گەریلاکانیان کردووەو ڕاشکاوانە نیگەرانیو ناڕازیبوونی خۆیانیان پێراگەیادوونو داوایان کردووە کە بەزووترین وەڵامیان بدرێتەوەو گرفتەکانی بەردەم بەئەنجامگەیاندنی پرۆژەکان هەڵبگیرێن.

# سەرۆکی پارتی چارەسەری دەستگیرکرا

ڕۆژی پێنج شەممە ٢٠٠٦/٤/١٣ پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان بۆ سازدانی ڕێپێوان ژمارەیەك ئەندامو لایەنگری خۆی لەنزیك شەقامی ئۆرزدی لەسلێمانی کۆکردەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی پێشتر مۆڵەتی یاسایی بۆ ڕێپێوانەکە وەرنەگیرابوو، هێزەکانی ئاسایش ڕێگەیان نەدا ڕێپێوانەکە سازبکرێ، بەمەش گرژیو ئاڵۆزی لەنێوان هەردوو لایەن ڕوویدا. ئەوەی شیاوی باسە پارتی چارەسەری بەمەبەستی خۆپێشاندانێکی گەورە ئەندامو لایەنگرانی خۆی لەشارەکانی دیکەی وەك هەولێر، کەرکوك، ڕانیەو ناوچەکانی گەرمیان بۆ سلێمانی بانهێشت کردبوو. هێزەکانی ئاسایش بەمەبەستی بڵاوەپێکردنی ئامادەبووان هەریەکە لەدوکتۆر فایەق گوڵپی سەرۆکی پارتی چارەسەرو دیار غەریب وتەبێژی هەمان پارتیان دەستگیر کرد.

پارتی چارەسەری بانگەشەی ئەوە دەکات ئەوان بەنیازبوون بۆ پشتیوانی ڕێپێوانەکانی باکوری کوردستانو یادکردنەوەی کارەساتەکانی ئەنفال ڕێپێوانێکی



بەرفراوان بەڕێوەببەن، بۆ ئەم مەبەستە سەردانی لایەنە پەیوەندارەکانیان کردبوو، لەوەزارەتی ناوەخۆ مۆڵەتیان خواستبوو، بەڵام تا ڕۆژی ڕێپێوانەکە وەڵام نەدرابوونەوە. لەلایەکی ترەوە ئاسایشی سلێمانیو هێزەکانی وەزارەتی ناوەخۆ دووپات لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پێشتر ئاگادار کرابوونەوە کە نابێ لەم بارودۆخە ناسکەدا خۆپێشاندان لەنێو شاری سلێمانیدا بکرێت، کەچی پارتی چارەسەر ویستویەتی خواستی خۆی سەربخاتو لاملانە ڕێپێوان بکات ئەمەش بەنایاسایی لەقەڵەم دەدرێت.

# خوێندکارێکی زانکۆ خۆی لەسێدارەدا

ڕۆژی ٢٠٠٦/٤/١٣ لەگەڕەکی کوێستان، هەڵکەوتوو لەنزیك نەخۆشخانەی نازدار بامەڕنی، خوێنداکارێکی پۆلی دووەمی کۆلیژی کارگێڕیو ئابوری زانکۆ سەلاحەدین بەناوی (محەمەد کازم)، لەبەر کێشەی بنەماڵەییو نەگونجان لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەیاندا، بڕیاری کۆتایی هێنان بەژیانی خۆی دەداتو لەژوورەکەی خۆیدا خۆی هەڵدەواسێ. ئەوەی شیاوی باسە بنەماڵەی قوربانیەکە ماوەیەکی زۆربوو لەئێران پەنابەربوون، چەند ساڵێکە گەڕاونەتەوە و لەشاری هەولێر نیشتەجێن. بەگوێرەی وتەی نزیکەکانی ناوبراو کێشەیەکی گەورەی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەیدا هەبووە، بەڵام کەسێك بەدەنگ داخوازییەکەیەوە نەهاتووەو کیشەکەیان چارەسەرنەکردووە، بەمەش بەلوتکەی بێهیوایی گەیشتووەو کۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە.

## هەواڵی سەبر

*لێپرسراوی پێشمەرگە دێرینەکانی ئەیلول لەدیمانەیەکی تەلەفزیۆنی زاگرۆسدا دەربارەی دۆزینەوەی میکانیزمێك کە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە بەهێزتر بکاتو بڕوا بۆ جەماوەر بگێڕێتەوە، گووتی: پێشنیار دەکەم فەرمانێك دەربکرێ کە وێنەی هەردوو سەرۆك لەسەرجەم شوێنە گشتیو فەرمانگەکانی کوردستان دابنرێ.. لەسەر ئەو قسەیە مامۆستایەكو یاریدەدەری قوتابخانەیەك بوو بە ناخۆشیان، مامۆستاکە پێی وابوو ئەوە کاری دیکتاتۆرەکانەو باوی نەماوە، ئەوەی دیکەش لەبەر حزبیبوونی خۆی پێی لەسەر هەڵواسینی هەردوو وێنە دادەگرت.

*قایمقامێك گلەیی لەبەڕێوەبەری گشتی پرۆژەو بەرهەمە نەوتییەکان کردووەو گووتویەتی: تەنها یەك لیتر گازیان بۆ ئێمە نەناردووە، کەچی چەندەها کاغەز دەنێرن کە بڕی ئەوەندە گازە بدەن بەفڵان کەس.

*ڕۆژی ٢٠٠٦/٤/٤ لە بارەگای لایەنێك لەگەڕەکی قادسیەی کەرکوك سەیارەکی گەورەی غازیان برد بۆ کۆڵانی کارەباکەی ئەو گەڕەکە، بەڵام تەنها غازیان دا بەو ماڵانە کە ئەندامی لایەنەکەی خۆیان بوون، لەگەڵ ماڵە عەرەبەکان، هەرچی سەر بەلایەنی دیکەش بوون زەقەی چاویان دەهات.

*نووسراوێکی ڕەسمی (تەعمیم) کراوە بۆ فەرمانگەکانی سنوری قەزای چەمچەمالو ناحیەکانی، تیایدا هاتووە: ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی فەرمووە لەسەر کۆمەڵێ پرۆژەی باش، بەڵام دووشتی سەیری تیایە، یەکێکیان (مەلەوانگەی ژنان)ە لەناحیەی شۆڕش کە ئاوی خواردنەوەیان بە هەزار حاڵ دەست دەکەوێ، دووەم شت ئەوەیە کە لەسەر نووسراوەکە نووسراوە بەرێکخستنەکان بڵێن ئەمە هەولی خوێندکارانە ! !.

*لەگەڕەکی سەنگاوییەکان هەرماڵەی (٣ هەزاریان) لێ وەرگرتوون بۆ کرێی گواستنەوەی محاویلەیەکی کارەبا، دوای دانانی محاویلەکە یەك (سەعات) کاری کردوو سووتا. ئەمە وەکو ئەو پێنج (هەزار)ە وایە کە قوتابخانەی ڕۆژ لە قوتابیانی وەرگرت بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزیو کۆمپیوتەر، بەڵام ئەمان چەند سوودتان لێ بینی ئەوانیش هەر ئەوەندە. کەچی پێیان گوتبوون هەریەکەتان ٥٠٠ دیناری دیکە بێنن بۆ شەهادە.

* لەکۆتایی مانگی ئازاردا ماتۆڕێکی گەورەی ئاوی پرۆژەی (دوبز) لەتەنیشت ماڵێکەوە لەئاوارەکانی ناو فەیلەق لەکەرکوك فرۆشرا. پیاوێك ووتی خوا پێم نەگرێ فرۆشیارەکە هەولێری بوو، بەگوێرەی پەڕۆی قەد دەمانچەکەی کڕیارەکەش سلێمانی بوو. ئینجا ئاو دەبێ یان نا چاوی کەرکوك دەرچێ؟.

*لەچەمچەمال چەند مانگێك پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس دەست کراوە بە دروست کردنی مزگەوتی (شەهید عەلی عەسکەری)، بەڵام تەواو نابێو نابێ. کەس نازانێ بۆچی جارێ کارەکە ڕاگیراوە، ئینجا لەسەر دیواری مزگەوتەکە خەڵك نووسیویەتی: تکایە تەواوم بکەن، ئەوانەی لێرە کاریان بەدەست بوو خانووەکانیان تەواوکرد.

*لەگازینۆی مستفی لەگەڕەکی ئازادی شاری کەرکوك دوو پیرەپیاو لەسەر ئازادکردنی کەرکوك بوو بەشەڕیان، یەکێکیان ئەیووت حزبەکەی منو سکرتێری گشتی نەبووایە کێ ئەیتوانی بێتە کەرکوکەوە ، ئەوی دیکە ئەیووت قسەکەت ڕاستە، بەڵام ئەمری لەسەرۆکی حزبەکەی من وەرگرتبوو. ئەو دووانە بۆیە ئاوا پێکۆڵیان لەسەر قسەکانی خۆیان دەکرد چونکە هەریەکەیان مووچەی خانەنشینی لەحزبەکانی خۆیان وەردەگرن.

## هەواڵ

# سلێمانی: ئەندامێکی حککا گیرا

بەگوێرەی هەواڵەکان ڕۆژی ٢٠٠٦/٤/١٤هێزەکانی ئاسایشی شاری سلێمانی، بەتۆمەتی ئەوەی هانی جەماوەری داوەو داوای لێکردوون دژی حکومەت خۆپێشاندان بکەن، زمناکۆ عەزیزی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقی دەستگیر کرد. وتەبێژی حزبی ناوبراو ئەو تۆمەتە ڕەتدەکاتەوەو ڕایدەگەیەنێ ناوبراو لەکاتێکدا دەستگیرکراوە کە بەیاننامەی هەژدەمین ساڵیادی ئەنفالی بڵاوکردۆتەوە.

# ڕانیە: باندێکی لەشفرۆشتن دەستگیر کران

*ڕۆژی ٤/٤/ ٢٠٠٦ ئاسایشی شاری ڕانیە پیاوێك دوو ئافرەتیان دەستگیر کرد کە لە شاری هەولێرەوە بەمەبەستی لەشفرۆشی هاتبوونە شارەکە. دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە کە ئافرەتەکان خەڵکی ناوچەیەکی دوورە دەستنو لەو ماوەیەی لەکوردستان بوونە چەندین جار دزییان لەخەڵك کردووەو بە پارە جەستەی خۆیان پێشکەش بە پیاوان کردووە. تا ئێستا لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەم باندە بەردەوامە.

# وڵاتیەك گیان لەدەست دەدا

*ڕۆژی ٢٠٠٦/٣/٣١ وڵاتیەکی تەمەن ٢٨ ساڵ بەناوی (ئەحمەد مینە) لەکۆمەڵگەی ژاراوەی سەر بەناوچەی پشدەر، کەوتە بەر گەلابەیەكولەئەنجامدا گیانی لەدەستدا. مخابن ماوەیەکە کارەساتی ئۆتۆمۆبیل مەرگی مرۆڤ دەچنیو لایەنە پەیوەندارەکانیش هەنگاوی جدی بۆ سەپاندنی یاساکانی هاتووچۆ ناسەپێنن، بە هەزاران کەس بێ ئەوەی مۆڵەتی شۆفێریان هەبێت، ئۆتۆمۆبێل لێدەخوڕن، یاخود ڕێنماییەکانی هاتووچۆ لەبەرچاو ناگرنو ئەو جۆرە کارەساتانە دەقەومێنن.

# بەڕێوەبەری ناحیە لەژنێك توورە دەبێت

*ڕۆژی ٣٠/٣/ ٢٠٠٦ لەگەلاڵەی دەڤەری باڵەکایەتی، لەکاتی دابەش کردنی غاز بەسەر خەڵکی ناو شارۆچکەکەدا، ئافرەتێکی بەساڵاچوو بەمەبەستی سکاڵایەك بەڕێزو حورمەتەوە ڕووی لەبەڕێوەبەری ناحیەکە دەکاتو پێیدەڵێ: (مامۆستا )، بەڵام بەڕێوەبەری ناحیە کە پێشتر پیشەی مامۆستابوو، بەتووندی بەرووی پیرێژنەکە هەڵدەچێو پێی دەڵێ: (من مامۆستا نیم مامۆستا بەدووساڵ دەبێت بەمامۆستا، کەچی من چەندین ساڵە خزمەت دەکەم چۆن هەر مامۆستام). ئامادەبووان لەو وەڵامەی بەڕێوەبەری ناحیە سەریان سووڕدەمێنێ، بەناچارییەوە ڕووی تێدەکەن و دەڵێن: جەناب بەڕێزتان لەپەروەردەبوویت و بەمامۆستاییگەیشتوویتە ئەم پۆستە.

# لاوێك دەخنکێ

*ڕۆژی ٢٠٠٦/٣/٣٠ لەهەوارگەی حاجی بایز لەشەقڵاوە تەرمی لاوێکی تەمەن ٢٤ ساڵان بەناوی (ئاراس حەسەن) لەڕووبارەکە دۆزرایەوە. هۆکاری خنکانی لاوەکە دیار نەکراوەو سەبارەت بە خنکانی بۆچوونی جۆراوجۆر هەیە، بەڵام خنکاندنو خۆسوتاندنو کوشتن دیاردەیەکی زەقەو هەرەشەیەکی ئاشکرا لەکۆمەڵگەی کوردەواری دەکات.

# ئافرەتێك خۆی سووتاند

*ڕۆژی ٢٠٠٦/٤/٢ لە گوندی تیتۆکەی قەزای ڕانیە ئافرەتێك بەناوی (بنار ئیسماعیل) ئاگری لەجەستەی خۆی بەرداو کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا. شیاوی باسە ناوبراو کێشەی قوڵی لەگەڵ مێردەکەی هەبووە. ئەوەی شیاوی باسە خۆسوتاندن بۆتە ئافاتو مەرگی ژنان دەچنێ، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ ڕێگەچارەیەکی گونجاو بۆ ڕێگەگرتن لەو ئافاتە هەڵنەگیراوەتەوە. بەدرێژایی ساڵی ڕابردوو سەدان ژنو کچی کورد ئاگریان لەجەستەی خۆیان بەردابوو کۆتاییان بەژیان هێناوە.

# وڵاتیەك بە دەسترێژی گوللە گیانی لەدەستدا

*ڕۆژی ٢٠٠٦/٣/٢٧ لەقەزای سۆران وڵاتیەك بەناوی (جەبار سۆفی ئەحمەد) کە بەرەچەڵەك خەڵکی گەلاڵەی باڵەکایەتییە، لەلایەن کەسێکی نەناسراو لەبەر دەرگەی ماڵەکەی خۆیدا دەستڕێژی لێدەکرێتو زۆر بەسەختی زامداردەبێت. دواتر ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێت، کەچی دوای ٦ ڕۆژ مانەوە لەنەخۆشخانەی شاری هەولێر، گیان لەدەستدەدا. شیاوی باسە ناوبراو پیشەی سەرافی بووە.

# بەڕووداوی ئۆتۆمۆبێل کچێك گیانی لەدەستدا

*ڕۆژی ٢٠٠٦/٣/٢٥ یشێی قەزای سۆران کچێك بەناوی (زارا سۆفی) لەئەنجامی وەرگەڕانی ئۆتۆمۆبێل گیانی لەدەستدا.

# ئاوارەکانی ئێران پەشیمانن لەگەڕانەوەیان

*ئاوارە گەڕاوەکانی ئێران کە لەچوارقورنە لەژێر خیوەت ژیان دەبەنە سەر لەهاتنەوەیان پەشیمان بوونەتەوە. لەبەر بەجێنەگەیاندنی بەڵێنەکانی لێپسراوانی حکومی ناوچەکە، لەڕووی هاوکاری، دابینکردنی زەوی، سووتەمەنی. ناڕەزایی خۆیان سەبارەت بە ناعەدالەتیو جیاوازی کردن لەسنووری ئیدارەی هەولێر، سلێمانی بەرانبەر بە ئاوارەکان دەردەبڕن. شیاوی باسە ئاوارەکان ڕایانگەیاندووە: ئەگەر داواکانیان جێبەجێ نەکرێ لەماوەیەکی دیاری کراودا ئەوە هەڵوێستی توونديان دەبێو لەوانەیە بەشێوازێکی دیکە داواکانی خۆیان دەربڕن. جێگەی گوتنە ئەم ئاوارانە کە خەڵکی دەڤەری باڵەکایەتینو زۆربەیان سەر بەلایەنی یەکێتین. لەڕەوشێکی خراپ ژیان دەگوزەرێنن.